## ڕاپۆرتی تایبەتیی هەنگاو لە سەر دەستبەسەر کرانی ١٩ مندالی کورد لە ساڵی ٢٠١٩ دا

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە چوارچێوەی ئامانجی مافی مرۆڤی خۆی و گرینگیدان بە پرسی مافەکانی منداڵان لە کوردستان، بەم شێوەیە ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی لە سەر دەستبەسەر کرانی منداڵانی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئـێرانەوە لە ساڵی ٢٠١٩ بڵاو دەکاتەوە.

ئامادە کردنی ئەم ڕاپۆرتە بەرهەمی شیکردنەوە و شرۆڤەی ئەو ڕاپۆرتانەیە کە لەلایەن کەسانی ئاگادار بۆ هەنگاو نێردراون و هەنگاو بە شێوەی سەربەخۆ توانیویە پشتڕاستیان بکاتەوە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی ساڵی ٢٠١٩ی زاییندا لانیکەم ١٩ مێرمنداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ بە تۆمەتی سیاسی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر و لێپرسینەوەیان بەرانبەر کراوە . لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدە ئیستانداردەکانی پێراگەیشتنی دادوەری چاودێر بە سەر مافەکانی منداڵان وەکوو دەستبەسەر نەکردن پێش لە دادگایی کردن، پەیوەندی خێرا لەگەڵ بنەماڵە، قەدەغە کردنی گوشاری جەستەیی و ڕۆحی بۆ سەریان و هەبوونی ڕاوێژکاری یاسایی ڕەچاو نەکراوە.

بۆ وێنە، لێپرسینەوەکان بێ ڕەچاوکردنی یاساکانی پشتگیری تایبەت بە منداڵان و مێرمنداڵان ئەنجام دراوە و لەکاتی لێپرسینەوە لەلایەن لیکۆڵەرەکانەوە دراونەتە بەر لێدان و کوتان تەنانەت لە یاسا گشتییەکانی تایبەت بە کاتی دەستبەسەر کران وەکوو ئاگادار کردنەوەی بنەماڵە و پشکنینی پزیشکی و خزمەتگوزاری حقوقی بێ بەش بووە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە بە پێی یاساکانی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان کە حکومەتی ئێرانیش پەسەندی کردووە و بە پێی ماددەی ٩ی یاسای مەدەنی لە یاساکانی ئێران، دەستبەسەر کردنی پێش لە دادگایی کردن دەبێ وەکوو ئاخرین هەنگاو و ئەگەر زۆر پێویست بوو بەکار ببرێت.

ڕچاونەکردنی دادڕەسیی تایبەت بە منداڵان، تەنیا تایبەت بە قۆناغی پێش دادگایی کردن نییە، بەڵکوو دادگای شیاو و مافەتایبەتیـیە پێشبینیکراوەکان بۆ منداڵان و تازەلاوان لە قۆناغی

دادگاشدا لە خۆ ئەگرێت .

بەپێی لێوردبوونەوەکان، هەتا ئێستا یەکێک لە منداڵە دەستبەسەرکراوەکان بە ناوی فاسڵ عومەری بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکان لەلایەن لقی دووی دادگای شۆڕشی ئورمیەوە حوکمی ٥ ساڵ بەندکرانی بەسەرداسەپاوە .ئەم کەسە کە لە کاتی دادگاییکراندا تەنیا ١٧ ساڵ تەمەنی بووە لە هەموو مافە تایبەتی‌یەکان کە بۆ منداڵان دیاری کراوەن و تەنانەت پارێزەریش بێبەش بووە.

بەپێی یاسا ناوخۆییەکانی ئێران، منداڵانی گومانلێکراو بە ئەنجامدانی تاوان دەبێ لە دادگای کەیفەری ١ بە پێدانی هەموو مافە تایبەتی‌یەکان کە بۆ منداڵان دیاری کراون دادگایی بکرێن . بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی جارەکان، تاوانبار تۆمەتی هاوکاری و پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانیان دەخرێتە پاڵ، پەرگەیان بەشێوەی نایاسایی بە دادگای شۆڕش ئەسپێردرێت کە دادگایەکی ناعادڵانەیە و لانیکەمەکانی لێکۆڵینەوەی عادڵانە لەو دادگایەدا ڕچاو ناکرێن.

## جیاکردنەوەی دەستەبەسەر کراوەکان بە پێی تۆمەت

هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردستانییەکان :٨ حاڵەت
بەشدار لە خۆپێشاندانەکانی ڕەزبەر و خەزەڵوەر :٩ حاڵەت
نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی کۆڵبەران :١ حاڵەت
بە هۆی چالاکی سیاسی باوکی :١ حاڵەت

## جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان

پارێزگای سنە ١٠ حاڵەت
پارێزگای کرماشان ٥ حاڵەت
پارێزگای ئورمیە :٤ حاڵەت

# ناوی ئەو مێرمنداڵانە کە ساڵی ٢٠١٩ دەستبەسەر کراون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تەمەن | تۆمەت | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بارزان بابەکری | بانە | ١٧ | سیاسی | ژانویە |
| ٢ | مێهدی کانی سووری | بانە | ١٧ | سیاسی | ژانویە |
| ٣ | میلاد ڕەحیمی | بانە | ١٧ | سیاسی | ژانویە |
| ٤ | زانیار قادرپوور | پاوە | ١٧ | سیاسی | ٥.١.٢٠١٩ |
| ٥ | ڕەشید مستەفا | شنۆ | ١٥ | سیاسی | ٢٢.١.٢٠١٩ |
| ٦ | سەربەرز سەرمەستی | سنە | ١٥ | | ٢٣.٥.٢٠١٩ |
| ٧ | مێهران ئەحمەدیان | سەردەشت | ١٨ | سیاسی | ٢٨.٨.٢٠١٩ |
| ٨ | سرووش ئەمینی | پاوە | ١٧ | سیاسی | ١٣.١٠.٢٠١٩ |
| ٩ | فەرزین مەولوودی | سنە | ١٨ | سیاسی | ١٦.١١.٢٠١٩ |
| ١٠ | میلاد نەجاتی | مەریوان | ١٦ | سیاسی | نۆڤەمبر |
| ١١ | فەردین داوەند | بۆکان | ١٧ | سیاسی | ١٧.١١.٢٠١٩ |
| ١٢ | سەجاد نادری | کرماشان | ١٤ | سیاسی | ١٧.١١.٢٠١٩ |
| ١٣ | پوریا نادری | کرماشان | ١٦ | سیاسی | ١٧.١١.٢٠١٩ |
| ١٤ | پەرهام اندرا | کرماشان | ١٨ | سیاسی | ١٧.١١.٢٠١٩ |
| ١٥ | ماهان یوسێفی | سنە | ١٧ | سیاسی | نۆڤەمبر |
| ١٦ | ئاراس بافکار | مەریوان | ١٥ | سیاسی | نۆڤەمبر |
| ١٧ | سینا محەمەدیان | سنە | ١٦ | سیاسی | ١٦.١١.٢٠١٩ |
| ١٨ | میلاد فەیزی پوور | مەریوان | ١٦ | مەدەنی | ٢٢.١٢.٢٠١٩ |
| ١٩ | فاسڵ عومەری | ئورمیە | ١٧ | سیاسی | ئۆکتۆبر |
| ٢٠ | | | | | |